# نەوشیروان مستەفا لەنێوان کۆن و نوێدا!

کەمال ڕەئوف

سەرەتای ساڵانی هەشتاکان ئەوکاتەی کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەناو یەکێتیدا خەریکی خۆساخکردنەوەی فکری و دەستنیشان کردنی خەتی سیاسی و دیاریکردنی ئایندەی ڕێکخراوەیی بوو لەو ئەوکاتەدا, کاك نەوشیروان مستەفا کە یەکێك لە هەرە سەرکردە دیار و قسە ڕۆیشتوەکانی ناو ئەم ڕێکخراوەیە بوو , بەنیازبوو دەست لە کۆمەڵە بکێشێتەوەو بەرەو ئەورووپا بگەرێتەوە. لە خوار ئاوایی حاجی مەمەند لە کۆبوونەوەیەکی گشتی پێشمەرگانەدا, کە بۆ ئەوە سازکرا بوو تاکو کاك نەوشیروان سوپاسی ئەوکەسانە بکات کە هەوڵی ڕزگارکردنەکەیان دا لەدەست هێزەکانی حسك و لەهەمانکاتیشدا سوپاسی هەڵوێستی لەخۆبوردەیی  پێشمەرگەکان بکات, لەوێدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە هاتنە خوارەوەی بۆ ناوچەکانی شارەزوور بۆ ئەوە بووە تاکو خواحافیزی لە کەسوکاری بکات و بگەرێتەوە بۆ ئەورووپا, بەلاّم لەدوای ئەو ڕووداوە ئەو هەڵوێستەی گۆڕیوو لەکۆبوونەوەکەدا وەك مژدەیەك ئەوەی ڕاگەیاند و پەیمانی ئەوەی دا کە چیتر بیر لەگەرانەوە  نەکاتەوەو لەکوردستان لەناو شوڕشدا بمێنێتەوە.

مەبەست لەگێرانەوەو باسکردنی ئەو بەسەرهات و ڕووداوە بۆ ئەوەیە کە لێرەدا ئەوە بڵێم کاك نەوشیروان  وەك کەسایەتیەکی دیارو ناسراوی ناو شۆڕش وەك سەرکردەیەکی جێگا دیارو گرنگ, سەرباری ئەوەی کە خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندی باشی خۆیەتی و هەر لەسەرەتاشەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەو تایبەتمەندیانەی لە ڕوی خورەوشت و سلوکەوە خۆی لە زۆرینەی سەرکردە تەقلیدیەکان جیاکردۆتەوە , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا  لەبنەڕەتەوە دەستی بۆ جیاخوازی فیعلی لەتەقلیدیەت نەبردوە و بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ڕێکخراوەیەکی سیاسی و فکری جیاواز لەوەانەی پێشوو دامەزرێنێت, بەمەش چەندین فرسەتی گەورەی لەدەست داوەو نەیویستووە یاخود نەی توانیوە وەك سەرکردەیەك ئەلتەرناتیفی خۆی ئاشکرا بکات و بیخاتە بەردەم جەماوەر, لەوەش زیاتر تەنانەت زۆرێك لە کەسەنزیك و دۆستەکانیشی نەیان توانیوە تاکو ئێستا لە گرێ و گرفتی کێشە فکریەکانی ئەم سەرکردیە تێبگەن, بۆیە دەتوانین بڵێن  نەوشیروان مستەفا هەرچەندە دەیان ساڵە وەك سەرکردەو ڕۆشنبیرێکی بە ئەزمون دەرکەوتووە و هەمیشە بەرەخنە و نوسینەکانی توانیویەتی تیشك بخاتە سەر چەندین گرفت و کێشەی جەماوەری و سیاسی و هەڵوێستی خۆی لە سەرکردە تەقلیدیەکان جیا بکاتەوە, بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تاکو ئێستا نەی توانیوە ئەو فاسیلەیە دیاری بکات کە دەکەوێتە نێوان خۆیی و ئەوانی ترەوە, دیارە ئەمەش لەئاکامدا وای کردوە کە ئەو ئەوەندەی وەك ڕەخنەگر و سیاسیەکی ناڕازی دەربکەوێت , ئەوەندە وەك کەسایەتیەکی سیاسی و ڕابەرێکی خاوەن خەت و بیرو بۆچوونی  تایبەت خۆی دەر نەکەوێت.

جاران هەندێك کەس بەتایبەتی ئەوانەی لە کاك نەوشیروانەوە نزیك بوون لایان وابوو  ئەو بۆیە نایەوێت جیابوونەوە لە ناو یەکێتیدا دروست بکات تاکو هاو سەنگی نێوان پارتی و یەکێتی تێك نەچێت و ڕەوشەکە بەقازانجی بالاّدەستی پارتی نەشکێتەوە. من لام وایە ئەو بۆچوونە تارادەیەك لەڕاستیەوە نزیکە, چونکە ئەو لەچەند ساڵی ڕابردودا هەرچەندە و هەرچۆنێك جیاوازیشی هەبووبێت بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەیویستووە بکەوێتە بەرانبەر یەکێتیەوە, ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو کێشمەکێش و ململانێ حیزبایەتیەوە بووبێت کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا مێژوویەکی دورو درێژی هەیەو بەرێزیشی  سەرکردەیەکی بەرچاوی لەلایەنێك بووە لە کێشمەکێشەکەدا, لە ڕاستیدا ئەم بەهانەیە هەرچەندە لای هەندێك کەس تارادەیەك قبوڵ بکرێ, بەلاّم لەئاکامدا ناتوانێت لە ڕووی سیاسیەوە بە بەهانەیەکی قانع کارانەو شیاو دابنرێت, چونکە ئەو بۆ ئەوەی کەبتوانێت کۆن بەجێبهلێت و لە نوێوە دەست پێبکاتەوە دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکات کە تاچەندە دەتوانێ فاسیلە لەنێوان خۆی و یەکێتیدا و پاشانیش ئەوانی تردا بکێشێت, بەشێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێن تاچەندە دەتوانێت خۆی لە تەقلیدیەتی حیزبایەتی کوردی و سیاسەتی گشتی حیزبەکانی ساحەکە دوربخاتەوە, بەلاّم دورنەکەوتنەوەی ئەو  لە ڕووی فکریەوە لەیەکێتی و حیزبە تەقلیدیەکان وای کردوە کە ئەو هەمیشە بەرەخنە تیژەکان و شتە جوانەکانیشیەوە بکەوێتەوە ناو ئەوگەمە سیاسیە تەقلیدیەی کە خۆی تاسەر ئێسك ڕەخنەی لەسەر هەیە, دیارە ئەمەش وادەکات کە ئەو هەر چەندە لەناو جەماوەردا وەك سەرکردیەکی نارازیش لە هەڵسوکەوتی حیزبە تەقلیدیەکان بناسرێت, هەرچەندە کار بگاتە ئەوەی کە دەست لەحیزبی دایکیش بکێشێتەوە, بەلاّم بەنیشانەدانی ئەلتەرناتیفی نوێ دەکاتەوە ئەوەی کە ئەو دیسانەوە  بیەوێت ئەسپی خۆی لەو بوارەدا تابداتەوە کە نغرۆی تەقلیدیەتە.

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان پێشبینی ڕوداوگەلێکی سیاسی دەکەن , ڕوداوگەلێك کە بتوانێت لەچەند ساڵی ئایندەدا ئەم هاوکێشە سیاسییەی ئێستا بگۆڕێت و جێ گۆرکێکی نەوعی لە چۆنیەتی کاری سیاسی حیزبایەتیدا بێنێتە دی , کاك نەوشیروانیش وەك سەرکردەیەك کەلەو بارەوە قسە و هەڵوێستی خۆی هەیە, بۆیە خەڵك چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەن کە پشکێکی گەورەی هەبێت لەم گۆڕانکاریانەدا, بەلاّم ئەوەی کە تاڕادەیەك دەبێتە جێگای پرسیارو بەرەو

ڕووی ئەو دەبێتەوە ئەوەیە کە ئاخۆ بەرێزی دەیەوێت بەکام کەرەستەو کام فکرەو ستراتیژەوە ئەوکارە بکات؟ خۆ ئەگەر بەهیوای ئەوەبێت کە بەهەمان کەرەستەو کادرە کۆنەکانی ناو یەکێتی وحیزبەکانی تر ئەوکارە بکات, ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەویش هەر زوو توشی هەمان گرفت و ئەوکێشانە دەبێتەوە کە ئێستا حیزبە کوردیەکان بەدەستیەوە دەناڵێن, چونکە ئەو خۆی لەهەموو کەس باشتر ئەوە دەزانێت , کە زۆرێك لەوان بارگاوی بوون بە کارگەلێکی ناشرین ناپەسەند وە پاکردنەوەیان دەبێتە کارێکی ئەستەم, بەجۆرێکی تریش ئاشکرایە کە ئەمڕۆ چیتر بەتەنها ڕەتکردنەوەی سیاسەت و سەرکردایەتی حیزبە باوەکان ناتوانێت ببێتە پێناسەی شوڕشگێڕێتی و هەوێنی نوێی خوازی.